www.kurdistannet.org

27-11-2006 11:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# خالد مەجید فەرەج بزمار لە کرمانج و هەورامانیەکان دەدات ... کاوە کوردستانی

بەڕێز حالد مەجید فەرەج وەك بڵێی لەسەر دوژمنانی کورد دا سەرکەوتووە، لە ژێر سەردێڕی (بزمارەکانی خالد مەجید فەرەج) دەنووسێت: عەرەبەکان زاروەی قورەیشیان وەك زمانی یەککگرتووی عەرەبی هەڵبژاردوە و با کوردیش زاراوەی سۆرانی بکەن بە سەرچاوەی زمانی یەگرتووی کوردی. کەواتە کاك خالد مەجید فەرەج بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیەوێت سلێمانی بکات بە قورەیشیەکانی کوردستان. کاکی بەڕێزمان پێی وایە عەرەبەکان دەقی زاراوەی قوریشیان کردوە بە زمانی قورئان بە بێ هیچ گۆڕانکاری و لەبیری خۆی دەباتەوە یانیش نازانێت کە (عەرەبی پەتی) تەنیا زاراوەی قوریشی نییە بەڵکوو دەیان گۆڕانکاری بەسەر زاراوەی قورەیشیەکاندا هێناوە پاشان زمانی یەککگرتووی عەرەبیان لێ دروست کردوە. ئەگەر کاك خالد ئەو شتە نازانێت با بڕوات لەسەر (تەتەهە، کەسکەسە و کەشکەشەی) زمانی عەرەبی بخوێنێتەوە (کە لە بابەتێکدا خوێندمەوە) تاوەکو بزانێت زمانی عەرەبی لە کوێ هاتووە و چۆن دروست بوو. لە لای ترەوە کاك خالد دەیەوێت کوردیش بۆ پێش 1400 ساڵ بگەڕێنێتەوە تاوەکوو زمانی یەککگرتووی کوردی دروست بکەن. توخوا ئەوە ئینسافە کاك خالد بە کورد و هاوڵاتیانی کورد و زیاد لە 70% ی گەلی کورد دەکات. کاك خالد باسی ئەوە دەکات عەرەبەکان هەمووان زمانی عەرەبی پەتی دەزانن و زاراوەکانی خۆشیان لەبیر نەکردوە و دەیەوێت زاراوەی سۆرانی لە گەڵ زمانی عەرەبی بەراورد بکات. ئەو بەڕێزە نازانێت کە بە حوکمی قورئان نەك تەنیا هەموو عەرەب عەرەبی پەتی دەزانن، بەلکوو هەموو کورد و فارس و پاکستانی و ئەفغانیشیان فێرە عەرەبیان کردوە. تەنیا تورکەکان نەبن کە بە هەڵبژاردنی پیتە لاتینیەکان خۆیان لە داگیرکردنی زمانی عەرەبی ڕزگار کرد. بۆیە بەڕێزم تو ناتوانی زمانی کورد و حاڵەتی کوردی بە زمانی عەرەبی و عەرەبەکان بەراود بکەی. ئێمە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا دەژین و دەبێ ئەو شتانەی بە حوکمی داگیرکەران لەسەر کورددا سەپێنراوە لابرین، یەکێ لەوانەش فەرزکردنی زاراوەی سۆرانی بووە بەسەر هەموو دانیشتوانی باشووری کوردستاندا و ئەنجامی ئەو سیاسەتەش ئەوە بوو چەندین کورد بە پیلانی عەرەبەکان پەنایان بۆ زمانی عەرەبی برد لە جیاتی زاراوەکانی خۆیان. ئایە خالد مەجید فەرەج و کاك موحسن جوامێر و یەککگرتووی ئیسلامی دەیانەوێت بەردەوامی بە سیاسەتی داگیرکەران بدەن؟؟؟؟ ئەوانە تاکەی بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە؟؟؟ و کەی زاراوەکانی تری زمانی کوردی بە دەوڵەمەندیەك دادەنێن بۆ زمانی کوردی لە جیاتی ئەوەی بە پرت و بڵاوی ببینن؟؟؟ کێ دەڵێت ئەگەر نەتەوەیەك زمانێکی یەکگرتووی نەبێت، نەتەوە نییە؟؟؟ ئایە ئەمانە ئەفریقیەکان نابینن کە هەر عەشیرەتێکیان زمانێکی هەیە و دەوڵەتی سەربەخۆن پێك دێنن و بە ئینگلیزی یان فەرەنسیش دەخوێنن؟؟؟ ئایە ئەمانە ئاگایان لە دونیا نییە و نازانن کە مرۆڤ سوود لە ئەزموونەکانی نەتەوەکانی تر وەردەگرێت، نەك بۆ کوردستان گۆپیان دەکات؟؟؟ کاك خالد مەجید فرەج بزمار لە کرمانجەکان و هەورامانیەکان دەدات بەڵام شانازی بە زمانی عەرەبی دەکات؟؟ کاك خالد بزمار لە کورد دەدات بەڵام قسەی خۆش خۆش بۆ دوژمنانی کورد بە زمانی عەربی دەکات!!! بەڕێزم بزمارەکانت بۆ دوژمنانی کورد هەڵبگرە و دیارە جەنابت زاراوەی سۆرانی بە بزمار دادەنێت لە جەستەی زاراوەکانی تری کوردیدا، بۆیە ئەو سەردێڕەت هەڵبژاردوە و بەو قسانە دەتەوێت بزمارێك لە تاپۆتی زاراوەکانی تر بدەیت. بەڵام خەیاڵت خاوە 70% ی کورد بە هیچ شێوەیەك بە زاراوەی قورەیشی ناخوێنن، نەك لەبەر ئەوەی نایانەوێت یان دژایەتی زاراوەی سۆرانی دەکەن بەڵکوو لە ڕقی کەسانی وەك جەنابت و ئەوانەی پیلان دەگێڕن دژ بە کورد و یەکگرتنی کورد.